# غوربەت و ڕەشبینی لە شیعرەکانی ( جەلال بەرزنجی ) دا


## د. حسێن غازی کاک ئەمین

## زانکۆی ڕاپەڕین


## پێشەکی

لە شیعری نوێی کوردیدا کۆمەڵێك بابەتی تازە سەرهەڵدەدەن، یەکێك لەمانەش شیعری شیوەن و غوربەت و ڕەشبینییە، کە ئەوەش بە هۆی کاریگەریی باری سیاسی و کۆمەڵایەتی و ئابوری و فیکری لەسەر شاعیر دروست دەبێت، وێنەی جیاواز لای شاعیر دروست دەکات، کاتێکیش شاعیر لە تاراوگە بێت ئەم کاریگەرییەی زۆر پێوەدیاردەبێت، ئەمەش بە جیاوازیی وڵاتەکەی خۆی و ئەو وڵاتەی تێیدا دەژی، کە تاراوگەیە. یەکێك لە شاعیرە دیارەکانی مەیدانی ئەدەبی کوردیش (جەلال بەرزنجی)یە، کە لە بەشێکی شیعرەکانی یادەوەرییەکانی لە تاراوگە و غوربەت نیشان دەدات و بۆ ڕابردووی خۆی دەگەڕێتەوە و لە بەشێکی تریشدا ڕەشبینی پانتایەکی زۆری شیعرەکانی گرتووە و شاعیر دەروونی وێران بووە، بە ڕەشبینی هەموو وێنەکان دەبینێت و دەیانخاتە سەر لاپەڕەکانی ئەدەبی کوردی و بۆ جیهانی دەخاتەڕوو، کە نەتەوەیەك هەیە جینۆساید دەکرێ بە بەرچاوی جیهان و جیهانیش بێدەنگ دەبێت.

بۆیە توێژینەوەکە هەوڵێکە بۆ ئەم جیاوازییانە و خستنەڕوویان لە شیعرەکانی شاعیردا، بە پێی ڕێبازی وەسفی شیکاری، بە جۆرێك دوای ڕوونکردنەوە و شیکردنەوەی بابەتەکان لە ڕوانگەی بۆچوونی ئەدەبنووس و ئەدەبناسانەوە، بە پێی ڕووبەری توێژینەوەکە نموونەمان لە شیعری شاعیردا هێناوەتەوە.

بابەتەکانی ئەم توێژینەوەش جگە لە پێشەکی و ئەنجام بۆ وێنە و زمانی شیعری، لەگەڵ کاریگەریی دەروونی و یاخود پەیوەندیی قوتابخانە دەروونییەکان لەگەڵ قوتابخانە ئەدەبییەکان و هەروەها ڕەنگدانەوەی غوربەت لە شیعرەکانی شاعیردا و، دەرخستنی لایەنی ڕەشبینی لە شیعرەکانی شاعیر تەرخانکردووە، لە کۆتایی توێژینەوەکەشدا گرنگترین ئەنجامە بە دەستهاتووەکان و لیستی سەرچاوەکانمان بە گوێرەی ڕیزبوونی فەرهەنگی ناوی نووسەرەکانیان ڕیزکردووە.

### وێنەی شیعری:

وێنەی شیعری وەکو هەموو ڕەگەزەکانی تری شیعری، لە شیعری نوێی کوردی گرێ دراوە بە ڕەگەزەکانی تری شیعرەوە. بۆیە هەر شاعیرێك لە شاعیرەکانی کاروانی شیعری نوێی کوردی هەماهەنگ لەگەڵ زمانی شیعری نوێی وێنەی شیعری کردووە بە ڕەگەزێکی گرنگی شیعر، بەهرەمەندی شاعیر لە زمانی شیعر و وێنەی شیعری دەردەکەوێت. شاعیر کاتێ وێنەیەکی بە خەیاڵدا دێت بیرۆکەی لا دروست دەبێت، چونکە پەیوەندیی ڕاستەوخۆ لە نێوان ڕەگەزەکانی شیعر هەیە بە یەکیان دەبەستێتەوە، هەر وێنەشە دەبێتە پەیدابوونی بیرۆکە، چونکە چاوی شاعیر زۆر هەستیارە، سەیرکردنی هەر شتێك تێکەڵ بە وێنە و خەیاڵ و بیرۆکە و سۆز و خەیاڵ دەکات،

ئەمەش بە شاعیر دەگۆڕێت دەبێت شاعیر خاوەن باکگراوندێکی ڕۆشنبیریی باش بێت، بۆ ئەوەی بتوانێت جوانترین وێنەی شیعری دروست بکات و وێنەکە چەسپاوبێت یاخود جوڵاو یاخود وێنەی ڕوونبێژی و فەلسەفی و دەروونی و ڕەمزی و ئەفسانەیی...هتد. بێت.

((وەك هەموو هونەرێکی تر، پێویستە بە بەهرە و ڕۆشنبیری و تاقیکردنەوە و کارکردن و چێژی پەروەردەکراوی تایبەتی و شارەزایی و قاڵ بوون هەیە))[1] شاعیر لە دروستکردنی وێنەی شیعری پێویستی بە دوو قسەی شیعری هەیە، بۆیە وشەی شیعری بەپێی شاعیر دەگۆڕێت، چۆنیەتی ڕیزکردنی وشە لە لایەن شاعیر بەهرەمەندی و زانایی شاعیر دەردەخات ((شاعیر وەك وێنەکێش پەنا دەباتە بەر وێنە و لەبەرهەمەکەیدا بەکاری دەهێنێت، ئاوازی دەربڕین وشەیە بۆ وەسفکردنی شتەکان دەردەبڕێت و دەری دەخات، دەهێنێت لە زرمەیەکی کاتیدا. بە وشە وێنەی یەك بە دوای یەکدا هاتوو دەخاتەڕوو))[2].

شاعیر هەردەم بەهۆی بیرکردنەوە دەتوانێت وێنەی هونەری جوان بکێشێت، هەر بیرە کۆنترۆڵی ڕووداوەکان دەکات و لە قووڵایی ناخدا وێنەی بۆ دەکێشێت، بە تەقاندنەوەی زمانێکی جوان ((هونەر بیرکردنەوەیە بە وێنە))[3].

## زمانی شیعری

زمان بنەما و سەرچاوەیەکی سەرەکی دروستکردنی شیعرە، بە واتایەکی دیکە زمان و شیعر دوانەیەکی تەواوکەرن پێوەندییەکی دیالێکتیکانە لە نێوانیاندا هەیە، وەك دوو ڕووی پەڕەیەك وان هیچ کامیان بێ ئەوی دیکەیان نابێت و بەردەوام نابێت، هەرگیز بە بێ بوونی زمان هیچ دەقێکی ئەدەبی نایەتە بەرهەم، ئەگەر لە لای زمانەوانان و زماناسان، پێناسەی زمان بریتی بێت لەوەی، کە ((سیستەمێکە لە نیشانە، لە خۆوە لەسەری ڕێککەوتووی، توانای دابەشکردنی هەیە، تاکە کەس وەك ئامڕازێك بەکاری دێنێ بۆ دەربڕینی مەبەستەکانی، بۆ پەیوەندیکردن بە کەسانی دیکەوە لە ڕێگەی ئاخاوتن و نووسینەوە))[4]، ئەوا ڕۆڵ و ئەرکی زمان لە شیعردا لە پێوەندیکردن و گەیاندنی نێوان تاکەکانەوە دەگۆڕێت و دەبێتە کەرەستە و هۆکارێك بۆ داهێنان و خوڵقاندن، هەروەك گوتراوە: ((زمانی شیعر ئەوەندەی زمانی بەدیهێنانە ، هێندە زمانی دەربڕین نییە))[5]، لێرەوە بۆمان دەردەکەوێت، کە ((ئەرك و پەیامی زمانی ئاخاوتن و زمانی شیعر لە یەکدی جیان. ئەگەر خەڵك ڕۆژانە بۆ تێگەیاندنی یەکدی هەوڵبدەن وشە و زاراوە و ئاماژەی وا بەکاربێنن، کە بە ئاسانی بتوانن کەسی بەرامبەر حاڵی بکەن، ئەوا شاعیر مەبەستی نییە بەهۆی شیعرەوە کەسی بەرامبەر یان ئەو کەسەی، کە شیعرەکەی

---

[1] کاکەی فەللاح ، وێنەی شیعری چییە ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٤٩) ، ١٩٨٦ ، لا ٢٤.

[2] د. نصرت عبدالرحمن ، في النقد الحديث ، عمان (بلا طبع) ١٩٧٩ ، ص ٢٦.

[3] سەردار حەسەن ئەحمەد گەردی ، بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ١٩٧١ – ١٩٩٧ ، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم ، سلێمانی ٢٠٠٤ ، لا٦١.

[4] محەممەد محەممەد یونس عەلی ، دەروازەیەك بۆ زمانەوانی ، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵڵا خۆشناو ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەڵات/ هەولێر ، ٢٠١٠، لا٢٨.

[5] د. محمد العبدحمود ، الحداثة في الشعر العربي المعاصر – (بيانها ومظاهرها) ، الطبعة الأولى ، بيروت – لبنان ، ١٩٦٦ ، ص١٧٠.

دەخوێنێتەوە بە ئاسانی حاڵی بکا و پەیامەکەی پێ بگەیەنن، بەڵکو بە پێچەوانەوە هەتا بۆی بکرێ دەیەوێ تووشی ڕامان و ماندووبوونی بکا. کاتێك شاعیر توانی خوێنەر تووشی ڕامان و سەرسوڕمان بکا، ئەوا کردەی شیعریەتی ئەنجامداوە))[٦] دەبێت ئەوە لەیاد نەکەین، کە زمانی شیعری تەنیا لە ڕووی ناوەرۆك و گەیاندنی مەبەستەوە لە زمانی ئاسایی جیاوازە، ئەگەرنا وشە و زاراوەکانی هەمان ئەو وشە و زاراوانەن، کە لە زمانی ئاساییدان، بەڵام بەکارهێنانە تایبەتییەکەیە وادەکات جیاوازبێت، چونکە شاعیر لە ڕێگەی زمانەوە دەتوانێت چەندین وێنەی هونەری بخوڵقێنێت و خوێنەر سەرسام بکات، بە جۆرێك ((زمانی شیعر زمانی وێنەکێشانی چڕ و خەیاڵی تیژی بنیاتنەرانەیە))[٧]و توانست و دەستەڵاتی شاعیرانیش بەسەر زماندا وەك یەك نییە، هەندێکجار شاعیرێك لە بەکارهێنانی وشە و زاراوەکانی زماندا دەستەڵاتی لە شاعیرێکی دیکە باڵاترە.

بۆیە لە شیعرەکانی (جەلال بەرزنجی)دا، هەروەکو هەموو شاعیرەکانی تری نوێخواز شاعیر هەوڵیداوە، کەوا بە زمانێکی سادە شیعر بنووسێت، بەڵام ئەگەر پێویست بکات شاعیر ناوەرۆکی شیعرەکانی و گەیاندنی مەبەستە شیعرییەکانی بە شێوەیەك گەیاندووەتە خوێنەر کە بتوانێت خوێنەر تووشی ڕامان و بە دواداچوون بکات، وادەکات کە مانا شاراوەکان بە وێنەی هونەری جوان پیشان بدات، ئەم بەهرەی زمانەش لە شاعیرێك بۆ شاعیرێکی تر دەگۆڕێت.

### کاریگەریی باری دەروونی لەسەر شاعیر

ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان ساڵانێکی زۆر سەخت و ناهەمواربوون. پڕبوون لە ترس و تۆقاندن و دڵەڕاوکێ، ئەمەش لەبەر ڕژێمی دەسەڵاتداری ئەو سەردەم، کە بە پەنابردن بۆ کوشتن و گرتن و ئەنفالکردنی کورد نەدەسڵەمییەوە، یاخود بەهۆی کاری ڕێکخستن و کوردایەتی و بوونی کێشەی نەتەوایەتی گەلی کورد و شۆڕشی کورد کاریگەریی دەروونی و ڕق و کینەی ئەو سەردەم لەسەر شاعیران لە شیعرەکانیاندا زۆر دیاربوو ((جۆرە ڕاکردنێك هەبوو لە دەستی منی هۆشداری و هۆشیاری عەقڵ))[٨]، کەواتە دەردەکەوێت کەوا جۆرە پێوەندییەك هەبێت لە نێوان شیکردنەوەی ئەدەبی و قوتابخانە ئەدەبییەکان، بۆیە گەر لەسەر دەروونی هەر شاعیرێك لێکۆڵینەوە بکرێت ئەنجامی لەسەر بەرهەم و نووسینی شاعیردا دەردەکەوێت، کەواتە شاعیر لە چ بارێکی کۆمەڵایەتیدا دەژی، بۆیە (کانت)ی فەیلەسوف دەڵێ: ((بۆماوە کاریگەرییەکەی لەسەر نیشانەکانی کەسیەتی و لایەنی کۆمەڵایەتی زیاترە لە ژینگە))[٩]، هەروەها (فرۆید)ی دەروونناس، دەڵێت: ((هەموو حەزەکان کە لەسەر مرۆڤ کۆنترۆڵە کە لە سەرەتای منداڵی هەبووە))[١٠] زۆربەی شاعیرانی کورد بە ژیانێکی هەژارانە و دەستی کورت دەیان ناڵاند و خەم و خەفەتی هەژاری و سیاسی، دەروونی پڕ دەکردن، بۆیە سەیردەکەی لە ئایندەیاندا شاعیری

---

[٦] عومەر میراودەلی ، زمانی دەق ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٨ ، ل٣١٧.

[٧] د. عبدالقادر الرباعي ، جماليات المعنى الشعري، الطبعة الأولي، دار الفارس للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٩، ص١١٠.

[٨] د. شاكر عبدالحميد ، التفصيل الجمالي ، مطابع الوطن ، الكويت ٢٠٠١ ، ص ٣١٩.

[٩] ديڤيد فونتانا ، الشخصية والتربية ، ترجمه: عبدالحميد يعقوب جبائيلو ، صلاح محمد نورى داود ، مطابع التعليم العالى ، أربيل ١٩٨٩ ، ص١٣.

[١٠] د. سامي الدروبي ، علم النفس والادب ، الطبعة الثانية ، دارالمعارف ، القاهرة ، ص٢٣٨.

بە توانا و نوێخواز دروست دەبوون، یەكێك لەو شاعیرانە (جەلال بەرزنجی)یە، كە وێنەی شیعرەكانی بە وێنەی جوان و زمانێكی بەهێز شیعرەكانی ڕازاندۆتەوە و غوربەتی و ڕەشبینی لە زۆرێك لە شیعرەكانیدا هەیە.
شاعیر لە شیعری (وەرزی خەمانە)[11] غوربەتی و دووری خەیاڵی شاعیر یاخود دەروونی شاعیر دەجووڵێنن بۆ دونیای خەیاڵ و لە شەقەی باڵ دەدا و دەفڕێ بەرەو كوردستان لە وڵاتی (كەنەدا)، كە شاعیر لە ساڵانی هەشتاكان بەرەو ئەو وڵاتە ئاوارە بووە و بۆ خۆزگەكانی ڕابردووی دەگەڕێتەوە، لە یەكێك لە شیعرەكانی كە بۆ (دڵشاد عەبدوڵلا)ی شاعیری هاوڕێی نووسیوە و دەڵێت:[12]

هێی برادەر،
بۆ ئەوەی بگەڕێینەوە،
پێش دووركەوتنەوە لە ماڵەوە،
و جارێكی تر،
بە خۆمان و كتێبەكانی بن كەوشمان
بە نەعلی ئیسفەنج،

بەڵێ شاعیر لەم شیعرەدا تەواو غوربەتی پێوەدیارە و خۆزگە بەو ڕۆژانە دەخوازێت، كە لەگەڵ برادەری منداڵی (دڵشاد عەبدوڵلا)ی شاعیر گوزەراندویەتی.
هەروەها شاعیر لە چەند دێڕێكی تردا باسی گەڕەكی (كووران) دەكات، كە گەڕەكێكی هەژارنشینە و بۆ خوێندن ڕوویان لە پاركی گەڕەكی (كووران) كردووە، ئەمەش وێنەیەكی گەڕەكە خۆشەكەی بەبیر دەهێنێتەوە و دەڵێت:

ڕۆژانی هەینی،
ڕۆژانی هەینی،
بۆ ئەزموونی بەكەلۆریای پۆلی شەشەمی ئامادەیی،
بچینە پاركی كوران بۆ سەعیكردن،

هەروەها شاعیر نایشارێتەوە لە هەمان شیعری باسی ترس و لەرزی ئەم سەردەمە دەكات و دەڵێت:

برادەر حەزم دەكرد لە هەوڵدابام،
بۆ ئەوەی یادی ئەو شەوەمان بكردبایەوە،
كە لە كۆڵانە بە ترس و لەرزەكانی،

---

[11] جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێكی تر بۆ گرتنی مەوداكان و سەرجەم شیعرەكانی تر، دەزگای چاپ و بڵاوكردنەوەی ئاراس ، هەولێر ٢٠٠٩ ، ل٥٩.

[12] جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێكی تر بۆ گرتنی مەوداكان و سەرجەم شیعرەكانی تر ، ل٦٤.

هەشتاکاندا دەسوڕاینەوە،

و بانگی شیعری جیاوازمان دەدا،

لێرەدا شاعیر بە جوانی باسی شیعری نوێی کوردی دەکا و تێکەڵی کوردایەتی و نیشتمانپەروەری و سیاسی دەکات و دەڵێت:

لە ترسی سیخوڕەکان،

بە چرپە باسی کوردایەتی،

و ئەدەبی نوێمان دەکرد،

((ئەدەب هەمیشە بە جۆرێك لە جۆرەکان هەوڵی خستنە ڕووی نهێنی و لایەنە شاراوەکانی ناخی نووسەرانی داوە و هەموو نووسەرێکیش هەوڵدەدات دەقەکەی بە جۆرێك بەرهەم بهێنێت تا زۆرترین کاریگەریی لای خوێنەر بەجێ بهێڵێت، ئەم کاریگەربوونەش پەیوەندیی بەو دەربڕینانەی ناخی نووسەرەوە هەیە، کە لە ناو دەقەکەدا هەستیان پێدەکرێت. بە مەبەش پەیوەندییەکی تۆکمە و پتەو ئەدەب بە سایکۆلۆژیاوە دەبەستێتەوە))[13].

لێرە لەم شیعرانەدا دەردەکەوێت، کە لایەنی دەروونی شاعیر لە غوربەت و دووری وڵات، شاعیری چۆن سەرگەردان کردووە بە شێوەی دیالۆگ شیعر لەگەڵ ڕابردووی پڕ لە یادگاری ترس و تۆقاندا دیاردەخات، کە لە ناخی پەنگ خواردووی شاعیر هەڵدەقووڵێ بە زمانێکی شیعری نوێخواز.

## غوربەت لە شیعرەکانی جەلال بەرزنجیدا

ئەگەر سەیری شیعرەکانی جەلال بەرزنجی بکەین، وێنە شیعرییەکانی پڕن لە غوربەت و نامۆیی بوون، کە بەمەش ڕادەی غوربەتەکەی زۆر دەبێت و بیری خۆشەویستی نیشتمان و جوگرافیای نیشتمان وای لێدەکات شاعیر لەگەڵ خۆیدا بدوێت.

غوربەتیش دابەش دەکرێت بۆ دوو جۆر:

١. غوربەتی سیاسی.

٢. غوربەتی حەز و بازرگانی.

منی غەریب و ڕۆژهەڵاتی،

دوانزە ساڵ پێش ئێستا،

کە نیشتمان تەنگ بوو،

بۆ پیاسەی ئێوارانی شاعیران

لە شار هەڵاتم و،

[13] لەنجە عبدالرحمن غریب ، خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆ شیعری (دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانی خەم)ی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ١مارە (١) ٢٠١٤ ، ٢٢١.

مالم جێهێشت و بە جانتایەکی دەستی،
هەندێک نامەی گەچراوی زیندان،
بە قاچاغ چوومە ڕۆژئاوا،[١٤]

لێرەدا بەهرەی شاعیر غوربەتەکەی بە توانایەکی باشی زمان دەربڕیوە، کە لە یاریکردن بە وشە شاعیر بیری تێکەڵ بە وشە دەکات و دەیخاتە سەر لاپەڕە بۆ ئەوەی سەرنجی خوێنەر بۆ خۆی ڕابکێشێت. بەکارهێنانی ڕاناوی کەسی یەکەمی تاک و کۆ زیاتر پەیوەندیی بە لایەنی دەروونی هەڵچوونی شاعیر هەیە، کەوا کاتێک لە نیشتمانەکەی جێگای نابێتەوە باسی ڕۆژانی ناخۆشی و زیندان و نامە نهێنییەکانی دەکات، غوربەتەکەش ئەوەندەی تر بە وشە دەیسوتێنن. لێرەدا شاعیر غوربەتی سیاسی بۆ دیاردەکەوێت، ئەویش بەوەی کەوا لەبەر هۆکاری سیاسی لە وڵاتەکەی دوور کەوتۆتەوە.
هەروەها شاعیر لە شیعرێکیدا باسی دوور کەوتنەوەی خۆی لە وڵات دەکات و خۆی بە تەیری (نەورەس) دەچوێنێت، کە زەریا بەجێدەهێڵێت. لێرەدا شاعیر زەریا دەکات بە هێما بۆ ماڵە گەورەکەی خۆی، کە کوردستانە شیرینەکەیەتی و دەڵێت:
نەورەسیش سەر زەریای بەجێهێشت
دوور دوور فڕی،
من
و
ئەو
دەمێکە بە ماڵەوەمان ناکەوینەوە[١٥]

لە هەمان شیعردا شاعیر ڕۆدەچێت بۆ ناو قووڵایی غوربەت و دەیەوێ هزر و دڵی لێک نزیک بکاتەوە. بەچی دەتوانێت ئەوە بکات؟ بەهۆی گەڕانەوە بۆ کاتی منداڵی، کە پڕیەتی لە بەسەرهاتی خۆشی و ناخۆشی، بۆیە دەڵێ:
تا ئێستا،
خەریکی نزیک خستنەوەی ماوەی نێوان
هزر
و
دڵم.
بۆ چوونەوە منداڵیم و،
یەکسەر دێمەوە لای ئێوە[١٦].

١٤ جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر ، لا٦٤.
١٥ جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر ، لا٩٠.
١٦ هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا ١٠١

((نامۆیی لە ئەدەبیاتی کوردیدا زیاتر لە دووری نیشتماندا، بە واتایەکی تر (جوگرافیادا) خۆی دەبێنێتەوە، ئەمەش لە ئەنجامی ئەوەی کە شاعیرانی کورد وەك باری ناهەمواری ڕەوتی کۆمەڵگا لە قۆناغێکدا ناچاردەبن زێد و نیشتمانی خۆیان جێ بهێڵن و ڕوو بکەنە تاراوگە))[١٧].

((ئەدەب لە قۆناغە مێژووییەکان دانابڕێت، پەیوەندی پتەو و دینامیکی بەو پەرەسەندن و پێشهات و ڕووداوە کۆمەڵایەتی و ئابوریی و سیاسی و کلتوورییانەوە هەیە، کە لە هەر قۆناغێك لە قۆناغێکی دیکەی مێژوو دەترازێنێت، ئەدەب لە ئاستانەی هەڵبەز و دابەزەکانی مێژوو، بە گوێرەی پێویست و داخوازییەکانی سەردەم و پاراستنی هەلومەرجە تایبەتییەکانی خۆی هەوڵی گۆڕینی ئەزموونی باو بۆ ئەزموونی تازە و گۆڕاو و نەریتی سواو بۆ ئەریتی تۆکمە و خواستراو دەدات))[١٨].

شاعیر لە خەون بینین بە وڵاتەکەی، کە ئالۆدەبوون بە یادگارییەکانی بەردەوامە، بەردەوام بەم ئومێدە شیعر دەنووسێ و خۆی لە شیعری کۆن ڕزگار دەکا، چونکە شاعیر پێی وایە سەردەمی شیعری کێشدار و سەروادار نەماوە، چونکە ئەم جۆرە شیعرە بیر قەتیس دەکا و ئامانجی شیعری نادات و هزر دەکوژێت ((خۆڕزگارکردنی شاعیران لە کێشە کۆنەکان هۆکارەکەی دەگەڕێتەوە بۆ پێویستیی دەروونی شاعیر، لە میانەیدا دەیەوێت خەم و ژانی دەروونی پێویست و ڕۆژانەیان دەرببڕێت))[١٩]، بۆیە شاعیر لە شیعری (لەمدیو زەریاش ، خۆر لە بەلەمەکانی من هەڵنەهات)[٢٠] دا دەڵێت:

زانیم،
دڕەنگە بۆ گێڕانەوەی شیعر،
بۆ ناو قەفەسی کێش و سەروا،
پەپوولە بۆ دەوری چرا،
زانیم،
بە هەمان ئەندێشەی جاران،
ناگەمەوە ڕامان.

لە دوایدا دەڵێت:

ملی ڕێگای تاراوگەم گرت،
لە زەریاکان پەڕیمەوە،
زەریاش وەك من،

[١٧] د. فاروق محمد رضا ، نامۆیی لە تاراوگەی عەبدوڵڵا پەشێودا ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژمارە (٥) ، لا٧١.

[١٨] پ. ی. د. فوئاد ڕەشید محمد ، م. ی. کارزان کەریم ئەمین ، چەمکی نوێی نیشتمانپەروەری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژمارە (١) ، ٢٠١٤ ، لا١٨١.

[١٩] ئازاد عبدالواحید ، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم ، نامەی ماستەر ، بەغدا ، ١٩٩٥ ، لا٩٩.

[٢٠] جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر ، لا ٣٠٦ – ٣٠٨.

بێ ئۆقرە و

بێ وڵات بوو.

گۆشەگیربوو،

شەپۆلی دەنارده دەرەوە،

لە شوێن خۆی بوو.

چاوەڕوان بووم،

زەریا لەگەڵمدا بسووتێ

نەسووتا

شاعیر کاتێك گۆشەگیر دەبێ و تووشی حاڵەتی دەروونی دەبێ، کە لە وڵات دوو ردەکەوێتەوە و پاشاگەردانی وڵاتەکەی دەبێت (ئوستالوچیا) ((زاراوەیەکی باوە بۆ ئەو کەسانەی لە وڵات دوور دەکەونەوە و بیری وڵاتەکەیان ئەکەن بێ ئاران ئەبن))٢١. غوربەت باڵی بەسەر زۆربەی شیعرەکانی (جەلال بەرزنجی)دا کێشاوە و شاعیر گفتوگۆ لەگەڵ هەموو شتێك دەکا بۆ ڕەواندنەوەی یادگارییەکانی خۆی و دوورکەوتنەوەی لە نیشتمان، لە هەمان شیعردا لە کۆپلەیەکی تردا دەڵێ:

من غەریبم

لە دوور دوورەوە،

لە بێ وڵاتی،

و لە شەڕ هەڵاتووم.

لەگەڵما تەنیابە،

لەگەڵما بسووتێ

لێرە،

کوێرە ڕێگایەك نییە پێیدا بچمەوە،

## ڕەشبینی لە شیعرەکانی جەلال بەرزنجیدا

بارودۆخی ساڵانی حەفتا و هەشتاکان لە کوردستانی عێراق زۆر ناخۆشی بوو، ڕۆژ بە ڕۆژ ئەم ناخۆشییانە زیادیان دەکرد، کە کوشتن و بڕین و کیمیابارانی خەڵك و کاولکردنی زیاتر لە پێنج هەزار (٥٠٠٠) لادێی کوردستان و بەکارهێنانی کیمیایی لە ناوچەکانی هەڵەبجە و بادینان و دۆڵی جافایەتی و بالیسان و قەرەداغ، هەروەها ئەنفالکردنی زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار (١٨٢٠٠٠) کەس لە ناوچەی گەرمیان و ئەنفالکردنی هەشت هەزار (٨٠٠٠) بارزانی و بوونی شەڕی عێراق ـ ئێران و کردنی خەڵك بە زۆر بە (جیش الشعبی) و کردنی خەڵك بە زۆرەملێ بە سەربازی ڕژێم و هەموو ڕۆژێك لە کەناڵەکانی ڕاگەیاندن نیشاندانی هەزاران تەرمی

---

[21] د. عبدالستار تاهیر شەریف ، قاموسی دەروونناسی ، ، مطبعة علاء ، بەغداد ١٩٨٥ ، ل١٤٣.

شەڕی عێراق ئێران بووە هۆی ئەوەی مرۆڤ تووشی ترس و تۆقاندن بێ، کاتێك ئەمە ببێتە وێنەیەکی زیندوو لە پێش چاوی خەڵك، بۆیە ئەمە ڕەشبینی لە لای مرۆڤ دروست دەکات و بە تایبەتی شاعیران تووشی شۆك دەکات و هەوێنی شیعریان لە هزر بۆ دروست دەبێت و قبووڵی ناکەن، ئەمەش وایکرد بەشی زۆری شاعیرانی ئەم سەردەمە پەنا بۆ ڕەشبینی ببەن، چونکە وێنەی ئەوەندە زۆر لە هزریاندا کۆبۆتەوە، بە وشەی جوان خستوویانەتە سەر لاپەڕە، هەروەها ڕاپەڕینەکانی کوردستان کە خۆی لە ڕاپەڕینەکانی هەڵەبجە و قەڵادزێ و شاری هەولێر و ڕەواندز و شەقڵاوە....هتد. دەبینێتەوە، کە بووە مایەی کوژرانی سەدان کەس و بێ سەروشوێن بوونی خەڵکانێك، ئەمانە بوونە هەوێنی شیعری شاعیران، بوونی شۆڕشی کورد بۆ ئەم سەردەم پێویستییەکی مێژوویی بوو، چونکە ((شۆڕش و تێکۆشان و خەبات لە پێناوی گۆڕینی سیستەمی کۆمەڵگا، گۆڕینێکی ڕیشەیی بۆ قۆناغێکی پێشکەوتووی دیاری کراو جێبەجێدەکرێت))[٢٢] کاریگەریی شۆڕشیش بووە هۆی ڕاپەڕینەکانی خەڵکی کوردستان، کە خۆی لە ڕاپەڕین و خۆپیشاندانەکانی (پێنجوین لە ساڵانی ١٩٧٥ – ١٩٧٨، ١٩٧٩ ، ١٩٨٠) و (قەڵادزێ ١٩٧٦) و (هەڵەبجە ١٩٧٨ ، ١٩٧٩ ، ١٩٨١) و (هەریر ١٩٧٨) و (کەلار ١٩٧٩) و (چوارقوڕنە ١٩٧٩) و (کۆیە ١٩٧٩) و (ئۆردووگای بەستەستێن ١٩٨١)... هتد. دەبینییەوە[٢٣].

شاعیر لە شیعری (یادەوەری کەسێکی بەربا)دا دەڵێ:

گەردەتانەوێت منتان لە بیرنەچێتەوە،
تەنیا جارێک،
بڕۆنەوە ئەو گوندانەی،
جارێک بەر ڕەشەبا کەوتن و،
جارێکیش بەر شالاوی جینۆساید،[٢٤]

لێرە شاعیر مەبەستی ئەو گوندانەی کوردستانە، کە بەر شالاوی ئەنفال کەوتوون و لەگەڵ خاك یەکسان کراون و دار و بەرد و جل و نوێن و قاپ و قاچاغ تێکەڵی یەك ببوون و خاکە بە پیتەکەی لە دەستداوە و ناخی مرۆڤ دەهەژێنێت.

هەروەها شاعیر لە شیعری (بەیانییێکی خراپ)دا، دەڵێ:

بەیانییەکی خراپ بوو،
هەر دەتگوت تەونی جاڵجاڵۆکەیە و،
لە ئەنفال جێماوە!
بەیانییەکی ناخۆش بوو،

[٢٢] ئاراس عبدالرحمن مستەفا ، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان ، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی ، سلێمانی ٢٠٠٩ ، ل٢٣٣.

[٢٣] ئاراس عبدالرحمن مستەفا ، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستان ١٩٧٥ – ١٩٨٨، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی کۆیە ٢٠١٣ ، ل ٨٥ ، ٨٧ ، ٨٨ ، ٩٠ ، ٩١ ، ٩٣ ، ٩٦ ، ٩٨ ، ١٠٠ ، ١٠١ ، ١١٠ ، ١١٢.

[٢٤] جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر ، ل ٢٣١.

قاوەكەم پێ تەواونەكرا

سیگارەكەم پێ نەكێشرا

بەیانییەكە هەر دەتگوت بۆ بردنی،

مەرگ هاتووە و چی ترنا.[٢٥]

هەروەها شاعیر لە شیعری (تازە درەنگە بۆ سەیركردنی خۆرئاوان)دا وێنەیەكی تری ڕەشبینی لە شیعرەكانیدا بەدی دەكرێت و باس لەو ڕۆژە ڕەشە دەكات، كە لە مرۆڤایەتیدا زۆر دەگمەنن و دونیاش لێی بێدەنگ دەبێت، كوردیش بێ خاوەن ئازارەكەی دەچێژێت، بۆیە دەڵێ:

گوڵم ئاوی بوو،

نەما

گوڵم بایی بوو،

نەما

گوڵم خاكی بوو،

نەما

گوڵم ئاگری بوو،

نەما

زەوی (عومەری خاوەر)ی جێهێشت

ئێمەی (داشیش)،

شێوەمان لە ڕۆژئاوا خواستەوە

مانگ

شەوێكی دی نەهاتەوە سەربان

و

بەر پەنجەران

گۆچان بیری جێهێشت

ئەمشەویش،

شەڕ

و برسییەتی

سەرما

و سەگەكان

لە شەقام دەمینێتەوە و

ئێوەش خواتان لەگەڵ![٢٦]

---

[٢٥] هەمان سەرچاوەی پێشوو ، لا٢٣٣.

[٢٦] جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێكی تر بۆ گرتنی مەوداكان و سەرجەم شیعرەكانی تر ، لا ٢٤٧ — ٢٤٨.

لێرەدا شاعیر (ئاو و با و خاك و ئاگر)ی ئاوێتەی یەکتر کردووە، کە دوژمن بەهۆی کیمیاباران و ژەهراویکردن لە باری بردن، وێنەی (عومەری خاوەر)یش لە ڕۆژئاوادا بوو بە هێمای زوڵم لێکراوان و شەهیدبوون، بە دڕاندانەترین شێوە، کە ویژدانی مرۆڤایەتی هەژاندووە و هیچ وڵاتێکیش وەڵامی نەبوو.

هەروەها شاعیر لە شیعرێکی تریدا وێنەیەکی تری (هەڵەبجە)مان بۆ دەکێشێ، کە لە شیعری (ژنێکی دۆستی تاریکییە)دایە:

فڕۆکەکان،
(با)ی هەلەبجەیان برد،
نێرگزەکانی بەرباخەڵی (عومەری خاوەر)
پێش جەستەی کیمیاییان بەرکەوت،
کەوتنەخوارەوە و
بوونە مردنێکی جمك
فڕۆکەکان،
ئاوی کووپەکانیان ڕشت،
ئەو ئازادییەی،
ئەو ڕۆژە بەسەفەرچوو بووە ئەوێندەر،
کوشتیان،
ئەو سروەی،
بۆنی گوڵەکانی دەگوازتەوە،
بە شارەزوور نەکەوتەوە
ئەو خاکەی نەخۆشیان کرد،
تا ئێستا لە ناو جێگایە
لە هەشتاوهەشتەوە،
تائێستا،[27]

شاعیر لەم شیعرەدا باس لە دڕندەیی فڕۆکەکان دەکات، کە (با)ی هەڵەبجەیان تێکەڵ بە کیمیایی کردووە و نێرگزەکانی بەرباخەڵی (عومەری خاوەر)، کە کورد گوڵی ڕەیحان و هەر جۆرە گوڵێك بە بەرباخەڵی دادەنێ پێش جەستەی (عومەری خاوەر) ژەهراوی بوون، واتە: سروشتیش بێ بەش نەبووە لەم تاوانە و ئازادی و ئەو سروەیەی کە هەڵی دەکرد لەگەڵ خاکەکە کوشتیان.

[27] جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر ، لا ٢١٧.

## ئەنجام

لە ئەنجامی توێژینەوەکە دەردەکەوێت شاعیر غوربەت و ڕەشبینی بە شیعرەکانییەوە دیارە، چونکە کۆمەڵێک هۆکاری بەسەردا زاڵبوون، کە هۆکاری ناوەکی و دەرەکی بوون، بەم جۆرە:

١. کاریگەریی دەروونی کە لایەنێکی گرنگە لەسەر هەڵسوکەوتی شاعیر و نووسینی شیعرەکانی،چونکە لە نزیکەوە ئەو وێنانەی دیوە، کە پڕبوو لە کوشتن و بڕین و کاولکردنی وڵاتەکەی و نەبوونی ئازادی نووسین، بۆیە دەروونی شاعیر بە شیعرەکانییەوە دیارە.

٢. لایەنێکی تری کاریگەری لەسەر شیعرە نوێخوازەکانی شاعیر تاراوگەیە، کە بەشێکی زۆری شیعرەکانی لە خۆگرتووە، شاعیر بۆ بیرەوەرییەکانی کۆنی خۆی دەگەڕێتەوە و بە یادی جاران هەموو لایەنەکانی ژیانی دەخاتە بەر نەشتەرگەری نووسین.

٣. لایەنی سێیەم، کە زۆر کاریگەریی لەسەر شاعیر بەجێهێشتووە ئەویش لایەنی ڕەشبینییە و پەیوەستە بە ساڵانی حەفتاکان و هەشتاکان، وێنەیەکی کاولکاری و کیمیاباران و ئەنفالکردن و تەختکردنی دوژمن بەرانبەر بە گەلەکەی و نیشتمانی کراوە و هەندێکی لە نزیکەوە بینیوە، یاخود لە ڕێگای میدیاکانی جیهانی ئەم کارەساتانە بوونەتە هەوێنی وێنەی ڕەشبینی بەسەر بەشێکی زۆری شیعرەکانی شاعیر.

٤. لە ڕووی زمانیشەوە شاعیر هەوڵیداوە لە وێنە و چەمکی شاراوەدا ناوەرۆکەکانی بگەیەنێت، بۆ ئەوەی خوێنەر تووشی ڕامان و سەرسوڕمان بکات و بە دوای مەبەستی سەرەکی شیعرەکەدا بگەڕێت، ئەمەش خاسیەتێکی دیاری شیعری نوێی کوردییە.

## سەرچاوەکان

### کتێب بە زمانی کوردی


١. ئاراس عبدالرحمن مستەفا ، ڕاپەڕینی ئاداری ١٩٩١ لە باشوری کوردستان، دەزگای چاپ و پەخشی حەمدی، سلێمانی ٢٠٠٩.

٢. جەلال بەرزنجی ، هەوڵدانێکی تر بۆ گرتنی مەوداکان و سەرجەم شیعرەکانی تر، دەزگای چاپ و بلاوکردنەوەی ئاراس ، هەولێر ٢٠٠٩.. سەردار ئەحمەد حەسەن گەردی، ٣. بنیاتی وێنەی هونەری لە شیعری کوردیدا ١٩٧١ ـ ١٩٩٧، دەزگای چاپ و پەخشی سەردەم، سلێمانی ٢٠٠٤.

٤. عبدالستار تاهیر شەریف، قاموسی دەروونناسی ، مطبعة علاء ، بەغداد ١٩٨٥.

٥. عومەر میراودەلی ، زمانی دەق ، چاپخانەی وەزارەتی ڕۆشنبیری ، چاپی یەکەم ، هەولێر ٢٠٠٨.

٦. محەممەد محەممەد یونس عەلی ، دەروازەیەك بۆ زمانەوانی ، وەرگێڕانی: نەریمان عەبدوڵلا خۆشناو ، چاپی یەکەم ، چاپخانەی ڕۆژهەلات/ هەولێر ، ٢٠١٠.


### کتێب بە زمانی عەرەبی:


١. ديڤيد فونتانا ، الشخصية والتربية ، ترجمة: عبدالحميد يعقوب جبائيلو ، صلاح محمد نوري داود ، مطابع التعليم العالي ، أربيل ١٩٨٩.

٢. سامي الدروبي ، علم النفس والادب ، الطبعة الثانية ، دارالمعارف ، القاهرة.

٣. د. شاكر عبدالحميد ، التفصيل الجمالي ، مطابع الوطن الكويت ٢٠٠١.

٤. د. عبدالقادر الرباعي، جماليات المعني الشعري، الطبعة الأولي، دار الفارس للنشر والتوزيع، عمان، ١٩٩٩، ص١١٠.

٥. محمد العبدحمود ، الحداثة في الشعر العربي المعاصر – (بيانها ومظاهرها) ، الطبعة الأولى ، بيروت – لبنان ، ١٩٦٦ ، ص١٧٠.

٦. د. نصرت عبدالرحمن ، في النقد الحديث ، عمان ١٩٧٩.


### نامەی ئەکادیمی

#### نامەی دکتۆرا:


١. ئاراس عبدالرحمن مستەفا ، خۆپیشاندان و ڕاپەڕینەکانی باشوری کوردستان ١٩٧٥ – ١٩٨٨ ، نامەی دکتۆرا ، زانکۆی کۆیە، ٢٠١٣.


#### نامەی ماستەر:


١. ئازاد عبدالواحید ، نوێکردنەوە لە شیعری کوردیدا دوای جەنگی جیهانی یەکەم ، نامەی ماستەر ، ١٩٩٥.


#### گۆڤار:


١. د. فاروق محمد رضا ، نامۆیی لە تاراوگەی عەبدوڵلا پەشێودا ، گۆڤاری زانکۆی گەرمیان ، ژمارە (٥) ،

٢٠١٤.

٢. پ. ی. د. فوئاد ڕەشید محمد ، م. ی. کارزان کەریم ئەمین ، چەمکی نوێی نیشتمانپەروەری لە شیعری هاوچەرخی کوردیدا ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژمارە (١) ، ٢٠١٤.

٣. کاکەی فەللاح ، وێنەی شیعری چییە ، گۆڤاری کاروان ، ژمارە (٤٩) ، ١٩٨٦.

٤. لەنجە عبدالرحمن غریب ، خوێندنەوەیەکی دەروونی بۆ شیعری (دوو گۆرانی بۆ سەرەتای کاروانی خەم)ی فەرەیدون عەبدول بەرزنجی ، گۆڤاری زانکۆی ڕاپەڕین ، ژمارە (١) ، ٢٠١٤.

## پوختەی توێژینەوە

لە پوختەی توێژینەوەکە دەردەکەوێت، کەوا ئەو ژینگەیەی شاعیر تێیدا لەدایکبووە تەندروست نەبووە، لەبەرئەوەی شاعیر، کە چاوی هەڵهێناوە هەژاری و نەداری بەرۆکی گرتووە. پاشان ڕەوشی سیاسی و وڵات بارێکی زۆر خراپ بووە بە هۆکاری سیاسی و لایەنی دواکەوتویی کۆمەڵایەتی و باری و ئابوریی وڵات نالەباربوو دوژمن بە هەموو جۆرێك هەوڵی دەدا، کە ناسنامەی کوردی بسڕێتەوە بە کیمیاباران کردن و ئەنفال و پاشان تەختکردنی زیاتر لە پێنج هەزار (٥٠٠٠) لادێ، واتە دوژمن دوژمنایەتی بۆ خۆی هەر بەرانبەر مافەکانی مرۆڤ نەبوو، بەڵکو بەرانبەر سروشتیش بووە، بۆیە لای شاعیر ئەمانە گەڵاڵەبوون و پانتایەکی زۆری شیعری نوێکراوەی لەسەر غوربەت و ڕەشبینی چێشتبوو، ئەمەش تاڕادەیەك کەمتر بەرچاودەکەوێت، لە شیعری جیهانی بە تایبەتی ئەو وڵاتانەی کەوا تووشی جەنگ نەبووبوون، بۆیە شاعیر لە تاراوگە هەوڵی ناساندنی ئەم یادەوەرییە تاڵانەی داوە بە وێنەی شیعری جوان، هیچ ساتێکیش بێ باك نەبووە لە فەرامۆشکردنی خۆشەویستی نیشتمانەکەی ئەم پردە بەهێزەی هێشتبۆوە لە نێوانیاندا (جەلال بەرزنجی)ی شاعیریش بەم قۆناغە ناسکە تێپەڕیوە و لە تاراوگە ئەم خەمە پەنگخواردووەی بە وێنەی شیعری جوان ڕازاندووەتەوە، هەروەها ماوەی دووری نێوان تاراوگە و نیشتمان هەرچەند دووربێت خۆشەویستی زیاتر دەبێت و بیرکردنەوەی وڵات ئاسانتر دەبێت.

## ملخص البحث

يظهر من ملخص هذه الدراسة أنّ البيئة التي ولد فيها الشاعر لم تكن سليمة، لأنّ الفقر والفاقة قد ألّمت بالشاعر منذ نعومة أظفاره، ومن ثم كانت الظروف السياسية للبلاد في أسوأ أحوالها، نتيجة لأسباب سياسية والتخلف الاجتماعي وعدم استقرار الحالة الاقتصادية، وكان العدوّ يحاول بشتى الوسائل وكافة السبل أن يمحو الهوية الكوردية من خلال استخدام الأسلحة الكيميائية وتنفيذ عمليات الأنفال السيئة الصيت، ومن ثم تدمير ما يزيد عن ٥٠٠٠ خمسة آلاف قرية، ما يعني أنّ عداءه لم ينحصر في انتهاكات حقوق الإنسان، بل تعدّاها إلى الطبيعة، لذا تبلور لدى الشاعر كلّ هذه الأمور واحتلّت الغربة والتشاؤم مساحة واسعة من شعره التجديدي، وهو أمر نادر في الشعر العالمي إلاّ ما كان من البلدان التي تعرضت للحروب.

لهذا حاول الشاعر في المهجر أن يعرّف بهذه الذكريات الأليمة عن طريق الشعر ، رغم أنه لم يبتعد ولا لحظة عن حب وطنه والاعتزاز به، وأبقى على هذا الجسر المتين بينهما.

إن الشاعر جلال البرزنجي قد مرّ بهذه المرحلة الخطيرة وعبّر عن همومه المتكدسة في المهجر عن طريق أبيات شعرية جميلة. فمهما طالت المسافة بين المهجر والوطن ، ازداد الحبّ وسهل استذكار البلد.

## Abstract

This paper which entitled (*The Exile and the Alienation*) gives the hint that the environment in which the poet (*Jalal Barzinji*) has been born was not perfect because he suffered from poverty and privation since his tender age. Moreover, the political situation of the country was very bad related to some political reasons, social retardation and economic instability. In that period the enemy tried to eliminate the Kurdish identity using so many different ways and means through using the chemical weapon, carrying out the anfal operation and then destroying ٥٠٠٠ villages. This means that the enmity was not only limited to the violation of the human rights but also it surpassed the nature. Therefore, these situations have gathered and reflected in his poems which revolved around loneliness and pessimism. Actually, the existence of such themes in the poem is rare wide world unless the countries have been subjected to war by one way or another.

As a result the poet (Barazinji), in his colony, has tried to present these themes and sad memories through his poems. He has never given up loving his country through writing poems which he considered as a connection between him and his country. He lived and passed through dangerous and miserable periods. As he was homeless, he expressed his feeling of sadness through writing various verses of his poems. In his view, the more one would be far from his country, the more one would have longing and love to his home country.